# ڕاپۆرتی تانگانیکا

نازم حیکمەت
و. لە فارسییەوە: هەژێن

## نامەی پێنجەم

لە دارالسلام، لە خانەباخی «ئوردووگەی ڕزگاری»،
لەتاو گەرما خەوتن ناکرێ.
گەرما بە پێستی جەستەمەوە دەلکێ
ژن و مێردێکی کەنەدایی چەند ساتێك لەمەوبەر نزای شەوانەیان
بە تۆماری دەنگیی خوێند
شێرەکان نانەڕێنن
شێرەکان لەنێو جەنگەڵدان،
شێرەکان، فیلەکان، کەرگەدنەکان،
زێبراکان *، زەرافەکان، گشت جۆرە مامزەکان
پێموایە لێرە پڵنگ نییە.
لە 'باخچەی ئاژەڵ'ی مۆسکۆ پڵنگ'یش هەیە، ورچی سپی و پێنگوین'یش
بەستەنی قەیماخی'یش هەیە.
لە مۆسکۆ هەنووکە بەفر دەبارێ، دانار دانار
گەرما بە پێستی جەستەمەوە دەلکێ
لە ژێر پەردەکولە بە ڕووتی خەوتووم،
لەسەر پەردەکولەکە مارمێلکان
لە تیمساحی گچکە دەچن، زمانیان دەردەکەن،
لەوانەشە ئەمانە مارمێلك نەبن
لە زیندانی «بورسا» لە چەرچەفەکان پەردەکولەمان چێدەکرد.
بەیانیان بە سەتڵ قۆلانچەمان دەڕشتە دەرێ.
گەرما بە پێستی جەستمەوە دەلکێ
گەرما لە ترپەی دڵم دەدا،
ئامێتەی خوێنم دەبێت و بە ڕەگەکانما گوزەردەکا.
بەدڵنیاییەوە لە مۆسکۆ بەفر دەبارێ،
لەوانەشە باران بێ؟
پێش ئەوەی بنووی، لە پەنجەرەوە تەماشای گەرمپێوت کردووە؟
پازدە پلە ژێر سفر بوو یا حەڤدە؟
لە پشتسەری چەرپاکەتەوە، چراخەوێکی شین!
بیر لە چی دەکەیتەوە؟
نەشێ ئەم جارەش تا سەرت لەسەر سەرین نابێ، خەوت لێ کەوتبێ؟
لە دارولسلام لە کەپرۆکەی «ئوردووگەی ڕزگاری»

لەتاو گەرما خەوتن ناکرێ.

فێبریوەری ١٩٦٣

****************************

* Zebra، جۆرە گوێدرێژێکە، کە لە زمانی کوردیدا بە گوێدرێژی جەنگەڵی [کەری وەحشی] ناسراوە.

ڕاپۆرتی تانگانیکا یەکێکە لە دواهەمین هۆنراوەکانی نازم حیکمەت، چونکە لە فێبریوەری ١٩٦٣ هۆنراوەتەوە و 'نازم حیکمەت' لە جونی هەمان ساڵدا مردووە. ئەم ڕاپۆرتە لە شێوەی دە هەڵبەست-نامەدا، ئاراستەی ' ڤێرا تولیاکۆڤا ' هاوسەرە ڕوسەکەی کردووە، کە لە ساڵی ١٩٦٠دا لەتەك نازم حیکمەت هاوسەریی کردووە.
تانگانیکا، وەك دەزانن لە کاتی گەشتەکەی نازم حیکمەت دا، دوو ساڵ بوو کە سەربەخۆیی بەدەستهێنابوو و بە پێشەوایی ' جولیوس نایەرەرە Julius Nyerere کەوتبووە نێو وڵاتانی هاوبەرژەوەندی ئینگلیسی ..ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٦٢دا بە ڕێکەوتنی زنگبار ' کۆماری تانزانیا'ی پێکهێبنا و 'جولیوس نایرە' وەك سەرۆككۆماری دانرا.

www.hezheen.tk

# Raportî Tanganîka

Nazm Hîkmet
w. le Farsîyewe: Hejên

Namey Pêncem

le Daralislam, le Xanebaxî "Urdûgey Rizgarî",
letaw Germa xewtin nakrê.
Germa be Pêstî  Cestemewe delkê
Jin û Mêrdêkî Kenedayî çend Satêk lemewber Nzay Şewaneyan
be Tomarî Dengîy xwênd
Şêrekan nanerrênin
Şêrekan lenêw Cengelldan,
Şêrekan, Fîlekan, Kergednekan,
Zêbrakan *, Zerafekan, gişt core Mamzekan
Pêmwaye lêre Plling nîye.
le 'Baxçey Ajell'î Mosko Plling'îş heye, Wirçî spî û Pênguyn'îş
Bestenî qeymaxî'îş heye.
le Mosko henûke Befr debarê, Danar Danar
Germa be Pêstî Cestemewe delkê
le jêr Perdekule be rûtî xewtûm,
leser Perdekuleke Marmêlkan
le Tîmsahî giçke deçin, Zmanyan derdeken,
lewaneşe emane Marmêlk nebin
le Zîndanî "Bursa" le Çerçefekan Perdekuleman çêdekrid.
Beyanyan be Setill Qolançeman derrişte derê.
Germa be Pêstî Cestmewe delkê

Germa le Tirpey Dllim deda,
amêtey Xwênim debêt û be Regekanma guzerdeka.
bedillnyayyewe le Mosko Befr debarê,
lewaneşe Baran bê ?
pêş ewey bnûy, le Pencerewe temaşay Germîpêwt kirduwe ?
Pazde Ple jêr Sfir bû ya Hevde?
le Piştserî Çerpaketewe, Çraxewêkî şîn!
Bîr le çî dekeytewe?
neşê em careş ta Sert leser Serîn nabê, Xewt lê kewtibê?
le Darulislam le Keprokey "Urdûgey Rizgarî"
letaw Germa xewtin nakrê.

Fêbrîwerî 1963

*********************************************

*** Zebra, core Gwêdrêjêke, ke le Zmanî Kurdîda be Gwêdrêjî Cengellî [Kerî Wehşî] nasrawe.**

**Raportî Tanganîka yekêke le dwahemîn Honrawekanî Nazm Hîkmet, çunke le Fêbrîwerî 1963 honrawetewe û Nazm Hîkmet le Cunî heman Sallda mirduwe. Em Raporte le şêwey de Hellbest-Nameda, arastey «Vera Tulyakova » hawsere Rusekey kirduwe, ke le Sallî 1960da letek Nazm Hîkmet hawserîy kirduwe.**
**Tanganîka, wek dezanin le katî geştekey Nazm Hîkmet da, dû Sall bû ke serbexoyî bedestihênabû û be pêşewayî « Julius Nyerere » kewtbuwe nêw Wllatanî hawberjewendî Îngilîsî .. Ew Wllate le Sallî 1962da be rêkewtinî «Zingbar » Komarî « tanzanya »î pêkhêbna û Julius Nyerere wek serokkomarî danra.**
**www.hezheen.tk**